## ناساندنی کتێب

**ناوی کتێب: ئیسلام و دەوڵەتی سێکیۆلار[١]**


**نووسەر: عەبدوڵلا ئەحمەد ئەلنعیم**

**وەرگێر: دوکتۆر ئازاد حاجی ئاقایی**

**چاپ و بڵاوکردنەوە: دەزگای چاپەمەنی چاودێر، ٢٠١٧.**

**بابەتی تایبەت بە کەناڵی ماڵی کتێبی کوردی[٢]**

**نووسەری بابەت: د. ئازاد حاجی ئاقایی**




**(ناساندنی کتێب و ئاوڕدانەوەیەک لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە لە زمانی وەرگێڕەوە)**

✍ د.ئازاد حاجی ئاقایی

سەرەتا

ڕەنگە ئەم شیمانەیە بە هەندێک تێبینیەوە داکۆکیێ لەسەر بکرێت کە پرۆسەی بە مۆدێرنکردن و ڕادیکاڵ بوونی ئیسلام لە کوردستان لە ساڵانی ١٩٨٠-ەوە لە ژێر ناوی جیهادی نیشتمانی لە دژی ڕژێمی بەعس یەکەم هەنگاوەکانی خۆی بڕی و بە وەدیار کەوتنی گرووپی ئەنساری ئیسلام بەرەیەکی نوێی لە جیهادیی ئەنتەرناسیۆناڵ پەروەردە کرد. ئەم قۆناخە لەگەڵ زرینگانەوەی زایەڵەی ئەلقاعیدە وتیرۆریزمی ئیسلامی وەک دەستەواژەیەکی جیهانی هاوکات بوو،ڕەنگە هەر ئەم قۆناخەش ڕێخۆشکەری پەرینەوەی بەرەی دووهەمی ئیسلامخوازە ڕادیکاڵەکانی کوردستان بۆ هەنگاوەکانی تیرۆریزمی جیهادی دەسنیشان بکاتکە خۆی لە ناو ئایدیای پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا دۆزیبەوە؛ دراوسێیەتی هەزار کیلۆمەتری کوردستان

---

[١]. *Islam and the Secular State* (Negotiating the Future of Shari`a), Abdullahi Ahmed An-Na'im, Harvard University Press,2010.

[٢]. ئەم بابەتە تایبەت بە کەناڵی ماڵی کتێبی کوردی و دووبارەبڵاوکردنەوەی بە ئاماژەدان بە سەرچاوە «کەناڵی تلگرامی ماڵی کتێبی کوردی/ @kurdishbookhouse» ڕێگە پێدراوە.

لەگەڵ ئەم دەوڵەتە وایکرد جگە لەوەیکە نزیکەی ۲۰۰۰ کورد لە هەر چوارلای کوردستان بچنە ناو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، بەڵکو ئایدیای دەوڵەتی ئیسلامی کە لە دوای دارمانی خەلافەتی عوسمانی وەک دەنگێکی کپکراو سەیر دەکرا، سەر لە نوێ بگەڕێتەوە ناو وێژمانی سیاسی جیهانی ئیسلام و تەنانەت کوردستانیش. هەربۆیە دەکرێ ئەم قۆناخە نوێیەی لەدایکبوونی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام وەک خاڵێکی وەرچەرخان بۆ ئایدیای ئیسلامی سیاسی دەسنیشان بکرێت.

پێکهێنانی دەوڵەت و دام و دەزگای ڕێکخراوەیی ئیسلامی، هەوڵدانی گەڕانەوە بۆ چاخی زێڕینی ئیسلام و سەرچاوەکانی سوننەت، تەفسیری نوێ لە شەریعەت، هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ڕێگای شەریعەت و گەڕانەوەی سەرلەنوێی دەستەواژە لەبیرکراوەکانی «اهل الذمە» و«جهاد»-ی پیرۆز، نکاحی پیرۆز، نکۆڵیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و فرەدەنگی و حکومەتی دەستوری وایکرد ئەم پێکهاتە نوێیە هاوکات کە دەنگی نارەزایەتی موسوڵمانە لە خواترسەکانی دیکەش بەرز کاتەوە، کۆدەنگیەکی جیهانیش بۆ لەناوبردنی ئەم پێکهاتەیە لە ئاستی جەستەی سەربازی دەستەبەر بکرێت. سەرەڕای ئەوەیکە هێشتاکە زووە دەرەنجامە هزرییەکانی ئەم وەرچەرخانە نوێیە لە هزری بناژۆخوازی ئیسلامی سیاسی ئاراستە جۆراوجۆرەکانی خۆی نیشان بدات، بەڵام شەنکردنی لایەنە فکرییەکانی دیاردەیەک بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرەو مەترسیەکانی دوارۆژی ئەم چەمکە ئایینی-سیاسیە وادەکا هەر لە ئێستاوە تێڕامانێکی ستراتێژیانە یان پێداچونەوەیەکی دوور لە دەمارگرژی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئایین وسیاسەت، پەیوەندییەکانی دەوڵەت و ئایین لە پانتای هزری وڵاتدا سەر لە نوێ ڕێک بخرێتەوە؛ ئەم هەنگاوەش سەرەڕای ئەوەی پێویستی بە خوێندنەوەی تیۆرە سیاسیە نوێیەکانەوەهەیە، هاوکات پێویستی بە خوێندنەوەی دیرۆکی سەرەتاکانی ئیسلام، ئەزمونی وڵاتە ئیسلامیەکان لە ڕوبەڕوبونەوەیان لە گەڵ چەمکە نوێیەکان و لە ئاکامدا لەبەر چاوگرتنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی هەر چەشنە دەمارگرژیەک سەبارەت بە چەمکە سیاسی و ئایینیەکانەوە هەیە. گێڕانەوەی ئەم کتێبەش لەم خاڵەوە دەست پێدەکا؛ واتە خستنە ژێرپرسیاری خەونی مەترسیداری دەوڵەتێکی ئیسلامی- کە بانگەشەی بوونی مافی سەپاندنی پرەنسیپەکانی شەریعەت لە ڕێگای هێزی زۆرەملییانەوە دەکا.

عەبدوڵا ئەحمەد النعیم بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆرەکانی جۆن ڕۆڵز و لە ئاستێکی کەمتر هابرماس، هەوڵدەدا چوارچێوەکانی بەڵگەهێنانەوەی ئەم کتێبە لەدەسپێکدا لە سەر بنەمای دوو چەمکی عەقڵی مەدەنی و عەقڵی گشتی دامەزرێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەستەواژەی مەدەنیوەک ئاماژەیەک بۆ پێویستی سیاسەت و یاسادانانێک بەکاردێنێ کە دەبێ لەلایەن جەماوەر-وە ڕەزامەندی لەسەر بدرێت و



@kurdishbookhouse

پرۆسەی بەڵگەهێنانەوە و تێڕامان بۆ گشت هاوڵاتیان کراوەو لەبەر دەستبێ. مەبەستیشی لە عەقڵی گشتی ئەوەیە هۆکار یان لۆژیک و ئامانجی سیاسەتی گشتی یان یاسادانان دەبێ لەسەر بنەمایەک یان چەشنە بەڵگەهێنانەوەیەک دامەزرابێ کە زۆرینەی هاوڵاتیان بتوانن ڕەزامەندی خۆیانی لەسەر دەرببڕن یان ڕەتی کەنەوە. ئەم دوو چەمکە لە تەواوی ئەم کتیبەدا بنەمایەک بۆ قەبوڵکردنی فرەدەنگی،کرانەوەی دەرگا ڕووەو قەبوڵکردنی مافەکانیمرۆڤ، دیموکراسی و لە کۆتاییدا دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپی ئایینی بۆ بڕیاری سیاسی وکۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لە سەر بنەمای تێزێکیتری ئەم کتێبە دامەزراوە؛ شەریعەت و ئایین جیاوازیان هەیە؛ پرەنسیپەکانی شەریعەت بەردەوام هەڵقوڵاوی تەفسیرەکانی مرۆڤ لە قورئان و سوننەت-ن. ڕەنگە سەردەمێک تەفسیرێک لە شەریعەت خۆی لە ئاست تەفسیرەکانی شەریعەت وەک بدعەت-ێک بوبێ بەڵام بە درێژایی زەمەن ئەم تەفسیرە پێگەی خۆی لەناو پانتای هزری موسوڵمانان-دا کردۆتەوەو لە ئاکامدا خۆی بوە بە پرەنسیپێکیتری شەریعەت. هەر ئەم تێزە سەرەکیەیتری نەعیم، ڕێگای پێدەدا تاکوو باس لە گۆڕانکاری بنەڕەتیانەی شەریعەت، دیموکراتیزەکردنی تەفسیری دەقە پیرۆزەکان بکات تا ڕادەیەک کە هەر بەم میتۆدە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادانەی هەر بیروباوەڕێک هەر بەپێی خوێندنەوەی نوێ لە ئیسلام دەستەبەر بکرێت و جیاواز لە مۆدێلی لاییسیتەی ڕادیکالی فەرەنسی پێناسە و مۆدێلێکی نوێ لە سێکیۆلاریزم پێشکەش بکا؛ واتە بێلایەنی دەوڵەت سەبارەت بە هەر چەشنە بیرۆکەیەکی ئایینی. ئەمە لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبە لە ژێر ناوی بۆ موسوڵمانان پێویستیان بە دەوڵەتێکی سێکیۆلارە؟ دەستەبەر دەبێ.

دووهەم بەشی ئەم کتێبە لە ڕوانگەیەکی دیرۆکیەوە پەیوەندی ئایین و دەوڵەت لە سەردەمی ئیسلامیدا شرۆڤە دەکات و بەپێی فەکتە دیرۆکیەکان دەیسەلمێنێ تەنانەت بە پێچەوانەی تێگەیشتنی موسوڵمانەکان، لە سەردەمی خەلیفەی یەکەم بە دواوە دەوڵەت بەردەوام دەزگایەکی سێکیۆلار بووە نەک دەزگایەکی ئایینی. ئەم ڕەوتەش تا سەردەمی داڕمانی خەلافەتی عوسمانی بەردەوام بووە.

بەشی سێهەمی ئەم کتێبە دەستورخوازی، مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون لە ڕوانگەی بەها ئیسلامی وتێڕوانینە ئەمرۆییەکان دەخاتە ژێرلێکۆڵینەوە وپێی وایە دەستورخوازی، مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون چوارچێوەیەکی پێکەبەستراوە و یەکگرتوو بۆ ڕێکخستنی سیکیۆلاریزم و زاڵبوون بەسەر تەنگەژەی نێوان بێلایەنی ئایینیی دەوڵەت و پەیوەندی ئیسلام بەدی دێنن. بە بڕوای نەعیم پرەنسیپی دەستورخوازی، پرەنسیپەکانی حکومەتی نوێنەرایەتی، شەفافیەت و بەرپرسیارێتی، جیاوازی هێزەکانی یاسادانان،



@kurdishbookhouse

بەڕێوەبردنی دەزگای داد و سەربەخۆیی دەزگای داد لەخۆوە دەگرێت و هەر ئەمەش ڕێگا دەکاتەوە تاکوو بڕیاردان، دارشتنی سیاسەتی گشتی کۆمەڵگا، مافەکان بە پێی هاووڵاتیبوون نەک سەر بە ئایینێکی تایبەتبوون، بڕیاریان لە سەر بدرێت. ئەمە دەرگا ڕووەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئایینی، زمانی و... دەکاتەوە.

نەعیم لە بەشی چوار، پێنج و شەشەمی ئەم کتێبەدا ئەزمونی وڵاتانی هیندستان، تورکیا و ئەندونیزیا لە ڕوبەڕوبونەوەیان لە گەڵ سێکیۆلاریزم و ئایین بە وردی شرۆڤە دەکات و لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەم دەوڵەتانە لەسەر پرسی ئایین و سێکیۆلاریزم شەن دەکات.

بەشی حەوتەمی ئەم کتێبە وەک دەرەنجام، هەوڵی ئەوە دەدا ترس و دڵەڕاوکێی موسوڵمانان لە چەمکی سێکیۆلاریزم بڕەوێنێتەوە. هەر بۆیە بەپێی نەعیم؛ چەمکی پێشنیارکراوی دەوڵەتی سێکیۆلار، ڕوانگەیەکی بەدیل بۆ تێگەیشتن لە سێکیۆلاریزم و دەوڵەتی سێکیۆلار پێشکەشدەکا؛ نەعیم لە جیاتی خولقاندنی دووفاقییەکی تووندوتۆڵی نێوان ئایین و سێکیۆلاریزم کە ئیسلام دەخاتە ناو پانتایەکی تەواو تاکەکەسی تایبەتەوە، لە ڕێگای جیاکردنەوەی ئیسلام لە دەوڵەت و بە یاساو ڕێساکردنەوەی دەوری ئایین لە سیاسەت، خوازیاری هاوسەنگکردنی ئەم دوو چەمکە پێکەوەیە. چوونکە نەعیم پێی وایە چەمکی دەوڵەتێکی سێکیۆلار وەک ناونجێکی پێویست بۆ دانوسەندن و وتووێژکردن لە سەر ڕۆڵی زیندوو و ڕەوای ئیسلام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هیچ شتێکی نا-ئیسلامی تێدا نیە. قورئان بێ ئەوەی تەنانەت ئاماژەیەک بکاتە سەر ئایدیای دەوڵەتێك، نەخوازە ڕاسپاردەی فۆرمێکی تایبەتیشی بۆ بکات، موسوڵمانان وەک تاک و جڤاک نیشان ئەدات. لەکۆتاییدا نەعیم پێی وایە تاکوو ئێستا لەلایەن موسوڵمانانەوە هیچ دەوڵەتێک وەک نموونەیەکی متمانەپێکراوی ئیسلامی بەفەرمی دانی پێدا نەنراوە و لە چوارچێوەی ئێستاکەی مۆدێرندا، ئایدیای دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ناخی خۆیەوە، لە گەڵ پێشگریمانەی دەستورخوازی نەگوونجاوەو لە کردەوەدا، پشت بەخۆ بەستۆ نیە و توانای بەردەوامی نیە. هیچ دەوڵەتێک بە سەرکەوتوویی ناتوانێ لە سەر بنەمای ئەو شتەی موسوڵمانان وەک پڕەنسیپەکانی شەریعەت قەبووڵی دەکەن، کاروچالاکی بکات.

کوردستان بەشێکە لە ڕژهەڵاتی ناوینی ئیسلامی، بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆ-پۆلیتیکی خۆی لەژێر کاریگەری وڵاتانی دراوسێ و جیهانی ئیسلامیدایە، دوا بە دوای ساڵی ۱۹۹۱ تەوژمەکانی ئیسلامی بناژۆخواز لەم جوگرافیایەشدا پەرەیان سەندو تێگەیشتن لە ئایین لەناو کورد-دا تووشی وەرچەرخانێک لە مانا و ئاراستەکانی پێشووی خۆی بۆوە، هاوکات ئەم جوگرافیا بەربڵاوەش وەک وڵاتانی تورکیا،



@kurdishbookhouse

هیندستان و ئەندونێزیا-جیا لەوەیکە بەسەر ئایدۆلۆژیای جیاوازدا دابەشکراوە، خاوەن فرەیی ئایینە. شیعە،سوننە، ئێزدی،کاکەیی و گۆران، عەلەوی،شەبەک،سابئی، مەسیحی و بێدێن ئەو توخمانەن پێکەوە سیمای کوردستان ڕەنگین و زەنگین دەکەن. لەم جوگرافیا پان و بەرینەدا، دوای لەدایکبونی داعەش چۆن دەکرێ مافەکانی ئەم پێکهاتە جۆراوجۆرانە بپارێزرێت؟ بە پێی شەریعەتی کام ئایینزای ئیسلامی؛ سوننە یان شیعە، شافعی، حەنبەڵی، مالکی... کامیان یاساکانی شەریعەت و مەحکەمەکان بەڕێوە بچن؟ دارشتنی سیاسەتی گشتی کۆمەڵگا لەکام سۆنگەوە بۆی هەیە؟ مافەکانی هاووڵاتیبون و مرۆڤ بوون بە پێی کام ئایین دابین بکرێن؟ ئەم پرسیارانە و سەدان پرسی یاسایی و سیاسی تریش دەکری بوروژێن. ئەم کتێبەش بێ ئەوەی هەوڵ بدات دەمارگرژانە سەیری ئایین بکات و بیخاتە پەراویزەوە، بە ڕەچاوکردنی ڕوانگەیەکی بەدیل پێی وایە دیموکراسی بۆ هەمووان و ئایین بۆ تاک تەنیا لە ڕێگەی ڕەواندنەوەی ترس لە چەمکی سێکیۆلاریزم، دیموکراسی دەستووری و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان دەستەبەر دەبێ. هەر ئەمە ئەو خاڵە گرینگەیە وەرگێرانی ئەم کتێبە و پرەکتیزەکردنی خاڵە ئیجابیەکانی لێرەدا دەخاتە ڕوو.

لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هەوڵدراوە دەسکاری دێڕەکانی ئەم کتێبە نەکرێت. لە هەر جێگایەک پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبووبێ یان لە پەراوێزەوە ئاماژەی زیاتری پێکراوە یان لەناو [] وشەیەکی لێ زیاد کراوە، لە زۆرجێگا دێرە ئینگلیزیەکان دوور و درێژ بوون، هەوڵدراوە بێ ئەوەی مانای سەرەکی لەکیس بچێ دێڕەکان بشکێنرێن و سەرلەنوێ دابرژێنەوە. ناوە عەرەبیەکان بەپێی ڕێنوسی عەرەبی لەناو کەوانەدا هاتوون. لەم کتێبە وشەیDiscourse زۆر بەکارهێنراوە. بە پێچەوانەی ئەوەیکە لە کوردیدا هاوتای گوتار بۆئەم دەستەواژەیە دانراوە، بەهیچ شێوازێک پڕ بە پێستی ئەم دەستەواژەیە نیە و تەنیا لایەنی زمانیەکەی دەگرێتەوەو لایەنی کردەیی ئەم دەستەواژەیە فەوتاوە. بۆیە ئەم چەمکەم وەرنەگێڕاوە و هەروەک خۆی هاتووە. پرەکتیس لە هەر جێگایەکی ئەم کتێبەدا کێشەی مانایی دروست نەکردبێ بە کردەوە یان هەڵسوکەوت هاتوە، جگە لەم حاڵەتەدا، هەر وەک خۆی دووپاتە بۆتەوە. دیبەیت-م لە زۆر شوێن کردوە بە مشتومڕ و پێموایە واتایەکی دروستە. بەڵام لە هەندێک شوێندا هەر بە دیبەیت دامناوە. ٢٠ لاپەڕەم لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەم دانەناوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نەعیم بەهۆی ئەوەی خۆی کاری مەیدانی لە ئەندونێزیا کردبوو زۆر بە قوڵی باسی پێکهاتە ئایینیەکانی ئەم وڵاتەی کردووە. هەستم کرد ڕەنگە ئەمە جگە لە هەندێک لایەنی تەکنیکی شتێکی زیاتر نەبەخشێتە خوێنەری کورد و قەبارەی کتێبەکەش، لەوەیکە هەیە زۆرتر بکات. لە کۆتاییدا؛ میدیا ڕەحیمی ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ئێدیتی کۆتایی ئەم کتێبەی بە پێی دەقە ئینگلیزییەکە وەستۆ گرتووە.

@kurdishbookhouse

سپاسی دەکەم، بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتی من لە ئاستی ئەگەری کەم و کووڕییەکانی ئەم کتێبە کەم ناکاتەوە./ کۆتایی

**ئەم بابەتە تایبەتە بە کەناڵی «ماڵی کتێبی کوردی» و دووبارەبڵاوکردنەوەی بە ئاماژەدان بە سەرچاوە «کەناڵی تلگرامی ماڵی کتێبی کوردی/ kurdishbookhouse@» ڕێگە پێدراوە.**

@kurdishbookhouse